## دیدار لەگەڵ هونەرمەند: ئاکۆ عومەر ... سازدانی دیمانە هونەرمەند هەڵکەوت زاهیر



هەڵکەوت/ ئاکۆ چۆن بناسین؟
ئاکۆ/ ئاکۆ عومەر محەمەد لە دیك بووی هەولێرم لە بەرواری 11-3-1970 دەرچووی ئامادەییم (ئامادەی پێشەسازی) و خێزاندارم فەرمانبەر لە بەڕێوبەرایەتی کارەبایی هەولێر لە ستودیۆ چوارچراش ئەندازیاری دەنگم تا ئێستاش بەردەوامم.

هەڵکەوت/ چەند ساڵ دەبێت لە بواری هونەروکاری ستودیۆ کاردەکەیت؟
ئاکۆ/ لە سەرەتایی ساڵانی 1984 وەکو هەوادارێکی مۆسیقا بووم هیوام وا بوو ڕۆژێك ببم بە مۆسیقاژەنێك تاکو ساڵی 1986 توانیم بە هەوڵی خۆم و یارمەتیماڵەوەم بەتایبەتی براکەم و مامم هاندەرم بوون توانیم ببم بە ئەندام لە خانەی هونەر (دار الفن) گورپێکی خنجیلانەمان هەبوو من یەکێك بووم لەم گروپە کەوا بە ئامێری ساز بەشداربووم لە زۆر ئاهەنگ بەشدار بووم لە گەڵیان. بەڕێزان (مامۆستا ووریا ئەحمەد) و (مامۆستا جان تۆماس) (مامۆستا ئازاد محەمەد) دەستەی بەڕێوبەری بوون. تاکو دوای ڕاپەڕین بەردەوام بووم لە گروپە مۆسیقایەکانی هەولێر لە زۆری ئاهەنگەکان بەشدار بووم لە ساڵی 1998 ستودیۆ سان دروست بوو من وەك ئەندامێکی کارامە کار، دەکرد 1999 دەستم کرد بەکاری ئەندازیاری دەنگ دوای ستودیۆیەك بەناوی (کەنارە) کرایەوە یەکەم کەس بووم لەوێ کاری دەنگم دەکرد بەڵام ئەمیان جیاواز بوو چونکە کۆمپیتەر هاتە ناو کارەکەم بۆ یەکەمجار دەتوانم بڵێم من بووم بە کۆمپیتەر ئەم کارە بکەم لە شاری هەولێر زۆرکارمان کرد هونەرمەندان پێیان خۆش بوو وەیان گوت ئێمە حەساینەوە چونکە کارەکە ئاسان بوو بەترامی تراك تراك لە ساڵی 2002 ستودیۆ چوارچرا دامەزرا داوایەن کردم بچم بۆ ئەوێ منیش داویەکەم قبوڵ کرد بەڵام پاش کەمێك گۆڕا بوو بە ستودیۆ چوارچرا کە ئێستا کاردەکەم.

هەڵکەوت/ کارەکانت لە کوێیەوە دەردەچێت؟
ئاکۆ/ وەکو باسم کرد ئێستا کارەکانم لە ستودیۆی چوارچرا دەردەچێت کە بەهرە سەرەکی ستودیۆیەکانی دەزانم لە وولات ناوی خۆی و کاری خۆی دیارە.

هەڵکەوت/ وەك ئاستی زانستی دەنگ چیت خوێندووە؟
ئاکۆ/ ئەم پرسیارە زۆر جوانە و زانستیە کاك هەڵکەوت. . . ئەگەر بمەوێت فێری هەرزانسێتك بم دەتوانم بڵێم لە کوردستان تارادەیەك شوێنێك هەیە فێری بم بەڵام زانستی دەنگ تەنها یەك شوێنم بۆ بدۆزەرەوە لە عێراق یان کوردستانی گەورە ئێمە وەك هونەرمەندان ڕووی تێ بکەین، نییە واتە زانستی دەنگ لای ئێمە بەهرەیەکەو یان ئارەزوویەکە فێری بووین بەڵام مەرجە ئەندازیاری دەنگ مۆسیقاژەن بێت یان گوتی زۆر خاوێن بێت.

هەڵكەوت/ تا چ ڕادەیەك لە كارەكانت ڕازیت؟
ئاكۆ/ بەراستی كارەكانم تاڕادەیەكی باش سەركەوتوو بووە بە شاهیدی مامۆستاین و هونەرمەندان كە زۆری كارەكانی هونەرمەندانی كوردستان و یاخود ئەوانەی دەرەوەی وولاتیش ئێمە وەكو ستودیۆی چوارچرا ئەنجامی دەدەین هەندێكیان هاتوون یاخود بۆمان ڕەوانە كردون كاری ئێمەیان بەدڵ بووەو دەست خۆشی لێكراوین.

هەڵكەوت/ كەمووكوڕی دەنگ و تۆماركردن چین لە كوردستان؟
ئاكۆ/ ئاشكرایە لە دووای ڕاپەڕین هونەرمەندان ئازادی زیاتریان بۆ ڕەخساو چاوكراوەتربوون تونیان بەباشی خۆیان پێش بخەن بەڵام ئەمان توانی بە تەكنیكی نویٚ و مۆدێرن دەنگ تۆماربكەین چونكە ئەم كارە پشتگیری دەوێت كاری ئاسان نیە تاكە كەسێك ستودیۆیەكی وەكو وولاتانی دراوسیٚ یاخود دەرەوە دروست بكات ئەگەر دروستیش بكرێت كارمەندەكان ڕابهێنرێن و شارەزاترین چونكە ئەم ئامێرە دەنگانە پێویستە بۆ ئێمەی هونەرمەندانی كوردستان هیوادارم ئەم كەم و كوڕیانەش نەمێنن.

هەڵكەوت/ مامەڵەكردنی هونەرمەندان چۆن دەبینی؟
ئاكۆ/ بەڕاستی مامەڵەی هونەرمەندان باشە لەگەڵم بەڵام دووبارەی دەكەمەوە پێویستە ئەو هونەرمەندەی كە دێت بۆ ژووری ستودیۆ دەبێت بە تەواوی خۆی ئامادەكردبێت هیچ گیروگرفت بۆ خۆی دروست نەكات مادەكەی هەزم كردبێت و بزانیٚ بۆچی هاتووە نەوەك ستودیۆ بكات بە شوێنی پرۆڤە و كار بردنە سەر لەوەش گرنگتر ئەوەیە هونەرمەند دەبێت خاوەنی كاتی خۆی بێت.

هەڵكەوت/ دەنگی كام گۆرانیبێژت لا پەسەندە؟
ئاكۆ/ من گویٚ لە هەموو گۆرانی بێژێك ڕادەگرم هەر یەكە و بەگوڵێك دەزانم لە باخی هونەری كوردی بۆیە هونەرمەندێكی تایبەتیم نییە گوێی لیٚ بگرم تەنانەت گۆرانی بێژە بیانیەكانیش گویٚ دەگرم تام و چێژی خۆیان هەیە.

هەڵكەوت/ دوا ووت چییە؟
ئاكۆ/ دەڵێم زۆر سوپاس بۆ تۆ كاك هەڵكەوت كە وا تۆ یەكەم كەسی دیداری و چاوپێكەوتن لەگەڵ ئەندازیاری دەنگ بكەی تا ئێستا ئەم بەشە گرنگە فەرامۆش كرا بوو بەڵام تۆ خاوەن هەستێكی هونەری ناسكی كەس لەیاد ناكەی بە ڕاستی ئێمە وەكو سەربازی وون واین لەم كارەمان. ئەندازیاری دەنگ زۆر لای خۆشە كەوا لەگەڵ ناوی شاعیر یان ئاوازدانەر ناوی ئەمیش بنوسرێت یان بگوترێت ئەویش مافی خۆیەتی، زۆر سوپاس بۆ تۆ و ڕۆژنامەكەت.